ڕێبەری هەشتەم - وانەی ٤١

١	نوێژ

ڕابەری کۆمەڵەکە : نوێژ بکەو کۆمەڵەکەت وئەم پرۆگرامی ڕاهێنانە تەرخان بکە بۆ بونیادنانی کڵێسای مەسیح .

٢	بەشداریکردن (٢٠ خولەك) ١یۆحەنا

بە نۆرە بەشداری بکەن و پەڕاوی تایبەتی خەڵوەتی ڕۆحیتان **بخوێننەوە** ئەوەی فێری بوون لە خەڵوەت و تێڕامانەکانتان لەو بەشە دیاریکراوەی کتێبی پیرۆز (١یۆحەنا ١- ٣) لەگەڵ ڕەچاوکردنی کات باشترە بەشداریکردنەکان کورتخایەن بن .
گوێ بگرن لە ئەو کەسەی بەشداری دەکات ، بەشێوەیەك مامەڵەی لەگەڵ بکەن هەست بکات ئەوەی دەیڵێ جێی بایەخی ئێوەیە ، پێشوازی لێبکەن . مشتومڕی لەگەڵ مەکەن لەو بابەتەی بەشداری پێدەکات .

٣	لەبەرکردن (٥خولەك) " تەمێکردن بە خۆشەویستی " پەندەکان 13: 24 .

بە شێوەی گروپی دوانەیی (دوو باوەڕدار پێکەوە) **تیاڕامان و لەبەرکردن و پێداچونەوە** بکەن بۆ" تەمێکردن بە خۆشەویستی " پەندەکان ١٣: 24 .

٤	فێرکردن (٨٥ خولەك) تەڵاقدان و دوبارە هاوسەرگیری کردن

پێشەکی : لەم وانەیەدا کە تایبەتە بە تەڵاق و هاوسەرگیری دووبارە . ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە کتێبی پیرۆز فێرمان دەکات لەبارەی تەڵاقەوە . وە تیایدا وشەی زینا دەخوێنین و دەڕوانینە هاوسەرگیری دوبارە .

خودا دەفەرموێ " ڕقم لە تەڵاقە، هەروەها ڕقم لەوەیە کە تووندوتیژی لە دژی ژنەکەی دەکات. ئەمە فەرمایشتی یەزدانی سوپاسالارە.
ئینجا بە ڕۆح ئاگاداری خۆتان بن و ناپاکی مەکەن ." تەڵاق بەلای خوداوە ستەمکاریە و قێزەونە بەرامبەر بە هاوبەشی ژیان بۆیە ڕقی لێیەتی . بەڵام بەهۆی گوناهەو گەندەڵی مرۆڤەوە ، خودای کتێبی پیرۆز ڕێگەی داوە بە تەڵاق لە دوو حاڵەتدا : ناپاکی هاوسەرگیری و نەگونجان لە هاوسەرگیریدا . ناپاکی هاوسەرگیری دەردەکەوێت لە بتپەرستی ڕۆحیدا یان گەندەڵی سێکسی تان تووندوتیژی زۆر (مەتا ١٩: ٨- ٩) . بەڵام نەگونجان لە هاوسەرگیریدا کاتێ ڕوودەدات کە هاوبەشی ژیان بێبەهرەو هاوسەرگیریەکەی ڕەتدەکاتەوەو نایەوێ بەردەوام بێت لە هاوبەشی کردنی ژیانی هاوسەرە باوەڕدارەکە (١کۆرنسۆس ٧: ١٢- ١٦) .

ئیدی بەم شێوەیە کتێبی پیرۆز ڕێگە دەدات بە تەڵاق لەبەر ئەم سێ هۆکارەو لەم سێ حاڵەتەدا : * هۆکاری جەستەیی : تووندوتیژی و گەندەڵی سێکسی ، * هۆکاری ڕۆحی : گەندەڵی ئاینی – بتپەرستی ، * هۆکاری کۆمەڵایەتی : نەگونجانی ڕۆحی (نەگونجان پێکەوە بەهۆی ئەوەی یەکێکیان باوەڕدارە).

أ. فێرکردنەکانی پەیمانی کۆن سەبارەت بە تەڵاق

پەیمانی کۆن ئیدانەی تەڵاق دەکات لەگەڵ ئەوەشدا ڕێگەی بە تەڵاق داوە لە بارودۆخێکی دیاریکراودا .

١. یاسای مەدەنی بۆ دەوڵەتی ئیسرائیل .

دواوتار ٢٢: ١٣- ١٩ ، ٢٨- ٢٩ ؛ ٢٤: ١- ٤ ؛ مەتا ١٩: ٨ بخوێنەوە .

ئاشکرای بکەو گفتوگۆی لەبارەوە بکە : هەندێ یاسای گشتی باس بکە ئەوانەی جێبەجێ دەکران لە دەوڵەتی ئیسرائیلدا تایبەت بە گەندەڵی سێکسی و تەڵاق ؟

تێبینیەکان .

ئەم یاسایانەی لە دواتاردا هاتوون بەشێکن لە یاسا ئاسایی و گشتیەکانی ناو ئیسرائیل ، هەروەها بەشێك بوون لە یاسا گشتیەکان لەلای ئەو نەتەوانەی دەوروبەری ئیسرائیل .

پیاوانی جیهان لەسەردەمی پەیمانی کۆندا ئازادی تەواویان هەبوو لەوەی دەیکەن زیاتر لە ژنان ، بۆیە بەشێوەیەکی گشتی ژنانی خۆیان تەڵاق دەدا بەهەر هۆکارێك بوایە (مەتا ١٩ : ٣) .بۆیە ئەم یاسایانە تا ڕادەیەك جڵەوی گرتنەوەو ئازادیەکانی پیاوانی سنوردار کرد .

أ. ڕێگری کردن لە تەڵاق .

لە دواتار ٢٢ دەبینین ئەو پیاوەی ژنەکەی تاوانبار بکردایە بە درۆ ، گوایە پاکیزە نەبوە دەبوو سزا بدرێت بە باجێکی زۆر وەکو قەرەبوو هەروەها ڕێگەی پێنەدرا تەڵاقی بدات . وە ئەو پیاوەی دەستدرێژی بکردایەتە سەر کچێك کە هێشتا شووی نەکردوە هەروەها سزا دەدرا بە باجێکی زۆروەکو قەرەبوو هەروەها ناچار دەکرا بەوەی هاوسەرگیری لەگەڵ بکات و بۆی نەبوو دواتریش تەڵاقی بدات .

ڕێگرتن لە هاوسەرگیری دوبارە .

دواتار ٢٤: ١- ٤ هەروەها لێقیەکان ١٥: ١٨ بخوێنەوە .

٢. ڕاڤەی ئاسایی جولەکە بۆ یاسای مەدەنی لە سەردەمی عیسادا .

دواتار ٢٤: ١ یاسای گشتی لە ئیسرائیل دەقێکی هەبوو مافی تەڵاقدانی دەدا بە پیاو کاتێ " بێ ئابڕوییەکی تێدا دەبینی "

پرسیار " کەموکوڕی یان بێ ئابڕویی " چی یە (لە زمانی عیبریدا عیروت دافار) لە پەیمانی کۆن ؟

فێرکردن : دواوتار ٢٤: ١، ٤ دەخوێنینەوە " ئەگەر پیاوێك هاوسەرگیری کرد لەگەڵ ژنێکداو دواتر بۆی دەرکەوت بێ ئابڕوییەکی تێدایە و نوسراوی تەڵاقی دایە دەست و دەری کرد لە ماڵەوە ، ... دەبوو ئاگادار بێت لەوەی .. جارێکی تر بیەوێ هاوسەرگیری لەگەڵ بکات ."

أ. قوتابخانەی هەلیل .

بەپێی قوتابخانەی هەلیل واتای "کەموکوڕی" ئەو شتەیە لە ژنەکەدا کە پیاوەکە پەست و بێزار دەکات (مەتا ١٩: ٣) .

قوتابخانەی شەمعی .

بەپێی قوتابخانەی شەمعی "کەموکوڕی " واتە لەڕووی ئەخلاقیەوە لایداوەو بێ ئابڕووە و ئارەزوبازە و چاوباشقاڵی دەکات یان خاوێن نیەو زیناکارە . ئارەزوبازی واتە مرۆڤ خۆی دەداتە دەستەوە بۆ حەزو ئارەزوەکانی نەك عەقڵی و ڕۆحی .

٣. شرۆڤەی ڕاستی یاسای مەدەنی .

ئاشکرای بکەو گفتوگۆی لەبارەوە بکە : هۆکارچی بوو لەوەی ڕێگە درا بە تەڵاق لە یاسای مەدەنی ئەوەی موسا نوسیەوە ؟

أ. ڕێگە نەدرا بە تەڵاق بۆ هەر هۆکارێکی سادە ، وە ئەم یاسایەش تایبەت نەبوو بە زینا .

دواوتار ٢٢: ٢٠- ٢٧ .

تێبینیەکان . لێڤیەکان ٢٠: ١٠ .

ب. ڕێگە دەدرا بە تەڵاق کاتێ گوێبیستی ئەو هەواڵە دەبوون پەیوەندی بە ڕووتیەوە هەیە . دواوتار ٢٤: ١ .

تێبینیەکان . چونکە واتای تەواوەتی وشەی کەموکوڕی ڕەنگە بێ ئابڕووی و ڕووتی بێت ، پێ دەچێ زیاتر واتای هەڵسوکەوتی ناشایستەو

بێزارکەر بووبێت وەکو ئارەزوبازی و ڕووتی و هەڵسوکەوتی بەرەڵایی و بێ ڕەوشتی لە ڕووی سێکسەوە .

٤. فێرکردنی پێغەمبەر مەلاخی سەبارەت بە هاوسەرگیری و تەڵاق.

مەلاخی ٢: ١٠- ١٦ بخوێنەوە .

ئاشکرای بکەو گفتوگۆی لەبارەوە بکە : بەپێی مەلاخی چۆن خودا دەڕوانێتە هاوسەرگیری و تەڵاق ؟

تێبینیەکان .

نابێت وا بزانین تەڵاق شتێکی ئاسایی بوە لە پەیمانی کۆندا بەڵکو خودا ڕقی لێیەتی ! خودا تەنها ئیدانەی هەڵسوکەوتی خراپی ژنانی دیاریکراوی نەکردوە بەتەنها بەڵکو هەروەها ئیدانەی هەڵسوکەوتی خراپی پیاوانی دیاریکراویشی کردوە لە ئیسرائیلدا .

أ. هاوسەرگیری نا یاسایی . هەندێ لەپیاوانی ئیسرائیل ناپاکیان لەپەیمانەکەیان لەگەڵ خودا کردو هاوسەرگیریان لەگەڵ ئەو ژنانە کرد کە خودای بیانیان دەپەرست . (ئەفەسۆس ٢: ١٩- ٢٢)!

ب. تەڵاقدانی نا یاسایی . (پەیدابوون ٢: ٢٤ ؛ مەتا ١٩: ٣- ٦ ؛ مەلاخی ٢: ١٤) . هەروەها مەلاخی ٢: ١٦ .

ج. خوداوەند ڕقی لە تەڵاقە بەڵام میهرەبانە بەرامبەر ئەوانەی تۆبە دەکەن.

پەندەکان ٦: ١٦- ١٩ ؛ ٢سامۆئیل ١١ ؛ زەبور ٥١: ١- ١٧ ؛ ٢سامۆئیل ١٢: ١٣- ١٤ ؛ ئیشایا ٥٤: ١ ؛ ٤٩: ١٩- ٢١ .

ب. فێرکردنەکانی عیسا سەبارەت بە تەڵاق

١. عیسا چۆن ڕوانیە هاوسەرگیری و تەڵاق ؟

مەتا ١٩: ٣-٩ ؛ ١کۆرنسۆس ٧: ١٠-١١ بخوێنەوە .

ئاشکرای بکەو گفتوگۆی لەبارەوە بکە : جیاوازی چی یە لە نێوان تێڕوانینی جولەکە لەگەڵ تێڕوانینی عیسا بۆ هاوسەرگیری و تەڵاق ؟

تێبینیەکان .

أ. بڕیارەکانی جولەکە بۆ تەڵاق هیچ گرنگ نیە بەڵکو گرنگ ئەوەیە خودا بڕیاری هاوسەرگیری داوە .

ب. هەڵوەشاندنەوەی پەیمانی هاوسەرگیری بە تەڵاقی نایاسایی یان دەست تێوەردانی دەرەکی زیانیە .

عیسا فێرمان دەکات و دەفەرموێ " ئەوە ئەوەی خودا بە یەکتری گەیاندووە، با مرۆڤ جیای نەکاتەوە. " مەتا ١٩: ٦ بۆیە عیسا ئەوانە بە زیناکەر ناودەبات ، وە بەپێی ١ کۆرنسۆس ٦: ٩-١٠ زیناکەر گەر تۆبە نەکات نابێتە میراتگری شانشینی خودا !

هۆکارە ڕەواکان بۆ تەڵاق .

مەتا ١٩: ٦ ؛ مەتا ٥: ٣١-٣٢ .

ئاشکرای بکەو گفتوگۆی لەبارەوە بکە : بەپێی عیسای مەسیح ئەو هۆکارە کامەیە بۆ تەڵاق کە خودا ڕێگەی پێداوە ؟

تێبینیەکان . بڕوانە مەتا ١٥: ١٨-١٩ ؛ لۆقا ٧: ٣٦-٥٠ ؛ یۆحەنا ٤: ١٦-١٨ ، ٢٩ ؛ مەتا ١٩: ٦ .

عیسای مەسیح ڕێگە دەدات بە تەڵاق تەنها بەهۆی نەبوونی دەستپاکی و سەرڕاستی لە هاوسەرگیریدا مەتا ١٩: ٩ ؛ مەتا ٥: ٣١- ٣٢ تەنها بەهۆی داوێن پیسیەوە .

٣. واتای "ناپاکی هاوسەرگیری " و "داوێن پیسی" (زیناکردن) .

پرسیار واتای ناپاکی هاوسەرگیری چی یە ؟

بزانە .

أ. لە ڕووی جەستەییەوە واتای وشەی بۆرنیا بە یۆنانی ئەوەیە هەموو شێوەو کار و ڕەفتارو جێبەجێکردنەکانەیە کە گرێدراون بە سێکسی ناڕەواوە . لێڤیەکان ١٨: ١- ٦ ، ٢٠ ، ٢٢- ٢٣ ؛ لێڤیەکان ٢٠: ١٠ ، ١٣، ١٥ ، ١٧ ، ٢٣ ، ٢٦ ؛ دواوتار ٢٣: ١٧- ١٨ بخوێنەوە .

گەندەڵی سێکسی یان زیناکردن لە یۆنانیدا پۆرنیا ، هەموو ڕەفتارو کارو هەڵسوکەوتەکانی گرێدراو بە سێکسی ناڕەوا لە خۆ دەگرێ ئەوەی خودا بە ناڕەوای داناوە مەتا ٥: ٢٧- ٣٠ ؛ ٢پەترۆس ٢: ١٤ ، ١٨ ؛ ئەیوب ٣١: ١ ؛ پەندەکان ٦: ٢٥ ؛ ئەفەسۆس ٥: ٣- ٥ هەروەها هەموو جۆرە هەڵسوکەوتە سێکسیە هەڵەکان لە خۆ دەگرێت وەکو سەیرکردنی فیلمی ڕووت و دەستپەڕ و دەستلیدانی جەستەی کەسی تر بە مەرجێك هاوسەری خۆت نەبێت بە مەبەستی وروژاندنی حەزی سێکسی (پەندەکان ٥: ٧- ١٣) ، وە هاوڕەگەزبازەکان (لێڤیەکان ١٩: ٢٢؛ ٢٠: ١٣ ؛ ڕۆما ١: ٢١- ٢٧) وە لاقەکردنی ئاژەڵان (لێڤیەکان ١٩: ٢٣ ؛ ٢٠: ١٥) وە زیناکردن (لێڤیەکان ١٩: ٢٠ ؛ ٢٠: ١٠) ، وە هەموو جۆرەکانی تری لادان .

مەتا ٥: ٣٢ ؛ مەرقۆس ١٠: ١١- ١٢ ؛ عیبرانیەکان ١٣: ٤ بخوێنەوە .

زیانکردن هەموو گەندەڵیەکی سێکسی بە هەموو جۆرەکانیەوە لەخۆ دەگرێت لە پێش هاوسەرگیریدا .

لە ڕاستیدا حەزی سێکس کردن خۆی لە خۆیدا هەڵەو تاوان نیە چونکە ئەم حەزە خودا لە مرۆڤدا داناوە ، بەڵام دەبێت لەو سنورەدا بێت کە خودا

دیاری کردوه ، بەڵام بەهۆی کەوتنی مرۆڤ لە گوناهەدا ، مرۆڤ لایداو حەزە سێکسیەکەی گەندەڵ بوو (٢پەترۆس ٢: ١٤، ١٨ ؛ ١پەترۆس ٢: ١١) وە دەستێدانی جەستەیی و حەزی سێکسی کردنی هەڵە نیە ئەگەر لە چوارچێوەی پەیوەندی هاوسەرگیریدا بێت ، کاتێ گوناهەو تاوانە لە دەرەوەی هاوسەرگیریدا ئەنجام بدەرێ چونکە ئەم هەڵسوکەوتە لە دەرەوەی خواستی خودایە و زۆرجاریش دەبێتە هۆی کەوتنی مرۆڤ لە گوناهەدا (یاقوب ٤: ١٧ ؛ مەتا ١٨: ٧- ٩) .

بزانە . زیناکردن هەموو ئەو ڕەفتاروهەڵسوکەوت و کارانە لەخۆی دەگرێت کە خودا بە ناڕاست و ناڕەوای داناوە . وە هەموو ئەو فێرکردنانەی دژی فێرکردنەکانی کتێبی پیرۆزە ، وە هەموو شێوەکانی لەخۆدان و خۆ بریندار کردن و تووندوتیژی بەناوی ئایینەوە بە شمشێر و ڕم و جادوگەری و بتپەرستی لەخۆ دەگرێت (١پاشایان ١٨: ٢٨) . مەبەستی خودا لە هاوسەرگیریدا ئەوەیە ڕاگەیاندن و وێنەی پەیوەندی نێوان خوداو مرۆڤ بێت (ئەفەسۆس ٥: ٢٢- ٣٣) بەڵام ئەگەر تووندوتیژی لە هاوسەرگیریەکەدا هەبێت واتە گەندەڵی ڕۆحی ! تووندوتیژی دەبێتە هۆی هەڵوەشانەوەی هاوسەرگیری و بە زینا یاخود داوێن پیسی ناودەبرێ بەرامبەر بە هاوبەشی ژیان . بتپەرستی و ناپاکی ئایینی بەرامبەر بە خودا وای کرد خودا سزای پاشایەتی باکوری ئیسرائیل بدات وپاشان سزای پاشایاتی باشوری ئیسرائیل بدات بە ڕاپێچکردنی گەلەکەیان بۆ وڵاتانی بیانی و دەرەوەی زەوی خۆیان .

ج. دەرئەنجامەکانی فێرکردنەکانی عیسای مەسیح تایبەت بە ناپاکی لە هاوسەرگیریدا .

عیبرانیەکان ١٣: ٤ ؛ بینین ٢١: ٨ بخوێنەوە . هەروەها ئیشایا ٤٣: ١٠- ١١ وە کردار ٤: ١٢ . کتێبی پیرۆز دەرئەنجامێکی ڕوونمان دەداتێ لەوبارەیەوەو پێمان دەڵێت هەر پەیوەندیەکی سێکسی دەبێت لە چوارچێوەی هاوسەرگیریدا بێت ودوای ئەنجامدانی هاوسەرگیری بێت نەك لە پێش هاوسەرگیری کردندا جگە لەمانە زیناکردنە و لادانی سێکسیە ، وە کتێبی پیرۆز هۆشداریمان دەداتێ و دەفەرموێ هەموو ئەوانەی

زیناکەرو لادەری سێکسین حوکمیان بەسەردا دەدەم ! لەسەروو ئەمەشەوە خواپەرستی ڕاستەقینە لە جیهاندا پەرستنی ئەو خودایەیە کە لە عیسای مەسیح دا خۆی ڕاگەیاند ئەوەی پێغەمبەرانی پەیمانی کۆن ڕایانگەیاند (ئیشایا ٤٣: ١٠- ١١ وە پەیمانی نوێ کردار ٤: ١٢) .

٤. کاتێ تەڵاقدان ژن دەبات بەرەو داوێنپیسی .

مەتا ٥: ٣٢ . "بەڵام من پێتان دەڵێم: ئەوەی بەبێ هۆی داوێنپیسی ژنەکەی خۆی تەڵاق بدات، وای لێدەکات داوێنپیسی بکات. ئەوەش تەڵاقدراوێك بهێنێت، ئەوا داوێنپیسی دەکات. "

پرسیار ، وشەکانی عیسای مەسیح واتای چی یە " وای لێدەکات داوێنپیسی بکات" ؟

بزانە .

أ. وەرگێڕانی مەتا ٥: ٣٢ . گوزارشی " وای لێدەکات داوێن پیسی بکات" لە دەقە یۆنانیەکەدا بە کرداری داهاتوو باس کراوە بەشێوەی سەلمێندراو وە وشەی وای لێدەکات بۆ ڕابردوویەکی سادەیە لەوەی داوێن پیسیەکە ئەنجام دەدات ، ئیدی بەم شێوەیە ، بۆیە وەرگێڕانی دروست بۆ مەتا ٥: ٣٢ ئەوەیە " هەر کەسێك ژنەکەی تەڵاق بدات بێ هۆی داوێن پیسی ، ئەو وای لێدەکات توشی داوێن پیسی بکات (یان بۆی هەیە توشی داوێن پیسی بێت) وە هەر کەسێك هاوسەرگیری بکات لەگەڵ تەڵاقدراوێك داوێن پیسی دەکات ."

ب. جێبەجێ کردنی تەڵاق گرنگ نیە بەڵکو ئەو هۆکارە شاراوەی لە پشت تەڵاقەکەوەیە گرنگە .

ج. هاوبەشی بێتاوان دەناڵێنێ بەهۆی داوێنپیسی هاوبەشە تاوانبارەکەی.

د. هاوبەشی بێتاوانیش دەرئەنجام بۆی هەیە توشی داوێن پیسی بێت .

هـ . تەنها پیاو بۆی نیە بەهۆی ڕەوا ژنەکەی تەڵاق بدات هەروەها ژنیش بۆی هەیە پیاوەکەی تەڵاق بدات هەروەها بەهۆی ڕەوا .

مەتا ٥: ٣١- ٣٢ ؛ مەرقۆس ١٠: ١١- ١٢ لە زمانی یۆنانیدا بۆ هەردوو هاوبەشەکەیە بەهەمان شێوە ئەمەش زیاتر لە مەرقۆس دا دەردەکەوێت .

٥. کاتێ هاوسەرگیری دوبارە دەبێتە داوێن پیسی .

مەتا ٥: ٣٢

پرسیار : ئەوەش تەڵاقدراوێك بهێنێت، ئەوا داوێنپیسی دەکات ، واتای چی یە ؟

بزانە .

أ. عیسا هاوسەرگیری دوبارە بەشێوەی پەلەو دوای تەڵاقدانی ناڕەواو نایاسایی بە داوێن پیسی دادەنێ . مەتا ٥: ٣١- ٣٢ هەروەها دواوتار ٢٤: ١- ٤ .

ب. عیسا هەموو شتێکی فێر نەکرد لەبارەی تەڵاق و هاوسەرگیری دوبارە. ١کۆرنسۆس ٧ ؛ مەتا ٥: ١٧- ١٨ ؛ مەتا ٥: ٣١- ٣٢ ؛ ١٩: ٣- ٦ !

ج. پەیڕەوکردنەکانی پۆڵس بۆ فێرکردنەکانی مەسیح لەبارەی تەڵاقەوە لە نێو کڵێسای مەسیح دا . ١کۆرنسۆس ٧: ٤٠ ؛ ١کۆرنسۆس ٧: ١٢- ١٦ .

١. هاوسەرگیری تێکەڵاو کە تیایدا هاوبەشی بێباوەڕ دەیەوێ بژی لەگەڵ هاوبەشی باوەڕدار .

ئاشکرای بکەو گفتوگۆی لەبارەوە بکە : بۆ هاوسەرگیری نێوان بێباوەڕو باوەڕدار کە ڕازین و دەگونجێن پێکەوە بژین دەبێت چی بکرێت ؟

١کۆرنسۆس ٧: ١٢- ١٤ بخوێنەوە .

تێبینیەکان .

دیارە بە توندی پۆڵس پێداگری دەکاتەوە لەسەر ئەوەی باوەڕدار ڕێگەی پێنادرێ هاوسەرگیری بکات لەگەڵ بێباوەڕدا (دواوتار ٧: ٣- ٤ ؛ ١کۆرنسۆس ٧: ٣٩ ؛ ٢کۆرنسۆس ٦: ١٤- ٧: ١) . بەڵام هەندێ لە

خەڵکی باوەڕ دەهێنن دوای هاوسەرگیریان بۆیە پۆڵس لەمبارەیەوە باسی ئەم حاڵەتەی کردوە ئەگەر هاوبەشی بێباوەڕ یاخود هاوسەری بێباوەڕ ئامادەبوو بژی لەگەڵ هاوسەروهاوبەشە باوەڕدارەکە پێویست ناکات تەڵاق هەبێت لە نێوانیاندا و دەتوانن بەردەوام بن لە هاوسەرگیریەکەیان ، ١کۆرنسۆس ١: ٣٠ .

٢. ئەو هاوسەرگیریەی کە هاوسەری بێباوەڕ نایەوێ بژی و بەردەوام بێت لەگەڵ هاوسەرە باوەڕدارەکەی .

ئاشکرای بکەو گفتوگۆی لەبارەوە بکە : دەبێت بۆ ئەم بارە چی بکرێت ؟

١کۆرنسۆس ٧: ١٥- ١٦ بخوێنەوە .

ئەو هاوسەرگیریەی کە هاوسەرە بێباوەڕەکە نایەوێ بەردەوام بێت لە ژیانی هاوسەرێتی لەگەڵ هاوسەرە باوەڕدارەکە ، دەبێت هاوسەرە باوەڕدارەکە ڕێگەی بدات بە تەڵاق و جیابوونەوە ، ١کۆرنسۆس ٧: ١٥- ١٦ " بەڵام ئەگەر بێباوەڕەکە خۆی جیا کردەوە، با جیا بێتەوە .لە باری ئاوادا براکە یان خوشکەکە نەبەستراوەتەوە، بەڵکو خودا بۆ ئاشتی بانگی کردووین. " لێرەدا هەموو بەرپرسیارێتیەکە لە ئەستۆی بێباوەڕەکەدایە نەك باوەڕدارەکە ، وە باوەڕدارەکە کۆیلەی ئەو نیە تاکو بەو شێوەیە لەگەڵیدا بمێنێتەوە ، دەتوانێ ڕێگەی بدات بەوەی تەڵاق لە نێوانیاندا ڕوبدات و لەیەکتر جیابنەوە .

هۆکاری ئەوەی باوەڕدارەکە ڕێگە بدات بە بێباوەڕەکە تەڵاقی بدات ئەوەیە خودا بانگی کردوین بە ئاشتی بژین . واتای ئاشتی ئەوە نیە هیچ گرفت و کێشەیەکی خێزانی نەبێت ، بەڵکو ئەو ئاشتیەی خودا بانگی باوەڕداران دەکات بۆی لە ئەنجامی ڕزگاریەوە (١کۆرنسۆس ١: ٢) .

د. پەیڕەوکردنی پەترۆس لە پەیمانی نوێدا بە فێرکردنەکانی پەیمانی کۆن لەبارەی تەڵاقەوە . مەلاخی ٢: ١٣- ١٥ ؛ ١پەترۆس ٣: ٧ ؛ ١پەترۆس ٥: ١- ٦ .

هـ . گۆڕانکاری و هاوسەرگیری دوبارەو ڕابەرایەتی کردن دوای تەڵاق

١. گۆڕانکاری لە دوای تەڵاق .

پێشەکی : لەگەڵ ئەوەی داوێن پیسی و تەڵاق دوو گوناهی گەورەن ، ئینجیلی عیسای مەسیح زۆر مەزنەو دەتوانێ ژیانی خەڵکی بگۆڕێ و ئەوانەی داوێن پیسیان کردوەو تاوانبارن بەرامبەر بە تەڵاق بەبێ هۆی ڕەوا و ناڕاست بگۆڕێ .

أ. تۆبەی ڕاستەقینە دەتبات بەرەو لێخۆشبوون .

پەندەکان ٢٨: ١٣ ؛ کردار ١٣: ٣٨- ٣٩ ؛ ١یۆحەنا ١: ٩ ؛ مەتا ٤: ٥- ٧ بخوێنەوە .

ئاشکرای بکەو گفتوگۆی لەبارەوە بکە : دەبێت ئەو کەسە چی بکات کە تاوانبارە بە ئەنجامدانی تاوانی داوێن پیسی یان تەڵاقی ناڕەواو ناڕاست ؟

تێبینیەکان .

هەر کەسێ تۆبە بکات بە تۆبەیەکی ڕاستەقینە و بەرەو چاکسازی کردن لە ژیانی هەنگاو بنێت وبەرەو لێخۆشبوون و گۆڕانکاری بڕوات ، ئەوا خودا میهرەبانەو بەزەیی بە گوناهبارە تۆبەکارەکەدا دێتەوە . خودا لێی خۆش دەبێت و بە تەواوەتی و ژیانی پیرۆز دەکات .

بەڵام نابێت باوەڕدار نیعمەتەکانی خوداو میهرەبانیەکەی وەك دەرفەتێك بەکار بهێنێ بەشێوازی هەڵە یان بۆ تەڵاقدانی هاوسەرەکەی بەبێ هۆکارێکی ڕاستەقینە وە پاشان هەوڵی لێخۆشبوون بدات لەلایەن خوداوە ئەمەش وەکو تاقیکردنەوەی خودایە و هەڵەیە .

ب. عیسا چۆن مامەڵەی کرد لەگەڵ ئەوانەی بە داوێن پیسی دەژیان ؟

لۆقا ٧: ٣٦- ٥٠ ؛ یۆحەنا ٤: ١٦- ١٩ ؛ ٨: ١- ١١ بخوێنەوە .

ئاشکرای بکەو گفتوگۆی لەبارەوە بکە : نمونەکانی عیسا چیمان فێردەکات تایبەت بە باری داوێن پیسی و تەڵاقی نایاسایی و بێهۆکاری ڕاستەقینە ؟

تێبینیەکان .

لە پەیمانی کۆندا دوای ئەوەی داود تۆبەی کرد لەو گوناهەی داوێن پیسی و کوشتنەی ئەنجامی دا ٢سامۆئیل ١١و ١٢ ؛ زەبور ٥١ خودا پێی فەرموو " داودی کوڕی یەسام دۆزییەوە، پیاوێکە بە دڵی خۆم، ئەوەی هەموو خواستی من جێبەجێ دەکات ." کردار ١٣: ٢٢ .

عیسا هات تاکو ئەوانە داوا بکات وڕزگار بکات کە گومڕابوونەو بەرەو لەناوچوون دەچن (لۆقا ٥: ٣١- ٣٢ ؛ ١٩: ١٠) دیارە ئەوانەش دەگرێتەوە کە لە داوێن پیسیدا ژیاون . عیسا ژنە داوێن پیسەکەی تاوانبار نەکرد و سزای نەدا بەڵام لە گوناهەکانی خۆش بوو لۆقا ٧ ، وە عیسا ژنە سامیریەکەی تاوانبار نەکرد بەڵکو خۆی وەکو ڕزگارکار پیشان دا و هەموو ژیانی گۆڕی بەتەواوەتی یۆحەنا ٤ . وە عیسا ئەو ژنەی تاوانبار نەکرد کە دەستگیرکرابوو لە داوێن پیسیدا بەڵکو هۆشداری دایە واز لە گوناهەکەی بهێنێ یۆحەنا ٨ !

ج. وەك چۆن خودا ژیانی داوێن پیسەکانی نێو کتێبی پیرۆزی گۆڕیوە بێگومان دەتوانێ ئەمڕۆش ئەوانە بگۆڕێ کە هەمان ژیانیان هەیە .

١کۆرنسۆس ٥: ١- ١٣ ؛ ٦: ٩- ١١ ؛ ٧: ١١؛ ٢کۆرنسۆس ٢: ٥- ١١ بخوێنەوە .

ئاشکرای بکەو گفتوگۆی لەبارەوە بکە : مزگێنی عیسای مەسیح کامەیە ئەوەی تایبەتە بە هەموو جۆرەکانی گوناهەی سێکسی ؟

تێبینیەکان .

ئینجیلی عیسای مەسیح هێزی هەیە و دەتوانێ ئەوانە ڕزگار بکات لە ڕووی ئەخلاقی و سێکسیەوە گەندەڵ بوونەو داوێن پیسن و تەڵاقی نایاساییان ئەنجام داوە . ١کۆرنسۆس ٥: ١- ١٣ دەخوێنینەوە لەبارەی ئاستی گەندەڵی خەڵکی کۆرنسۆس لەو سەردەمەدا .

هەروەها ١ کۆرنسۆس ٦: ٩- ١١ دەخوێنینەوە لەبارەی حوکمدانی خوداوە بۆ هەموو جۆرەکانی داوێن پیسی و گەندەڵی سێکسی بۆیە پۆڵس دەڵێت : " هەڵمەخەڵەتێن. نە بەڕەڵا و نە بتپەرست، نە داوێنپیس و نە هاوڕەگەزباز،

نه دز و نه چاوچنۆك، نه سەرخۆش و نه جنێوفرۆش و نه تاڵانكەر، نابنه میراتگری شانشینی خودا. " بەڵام پۆڵس هەروەها ئاماژە بۆ ئەوە دەكات كه ئەوانەی وەكو ئەم جۆرە كەسانه دەژین دەكرێ بگۆڕێن و ڕزگاریان بێت به تەواوەتی بۆیه دەفەرموێ : " جا هەندێكتان بەم شێوەیه بوون. بەڵام شۆرانەوه و پیرۆزكران و بێتاوان كراون به ناوی عیسای مەسیحی خاوەن شكۆ و ڕۆحی خودامان. " هەروەها بڕوانه ١كۆرنسۆس ٥: ١- ٨ ؛ ١یۆحەنا ١: ٨- ٢: ٢؛ ١كۆرنسۆس ٧: ١١.

٢. هاوسەرگیری دووەم له دوای تەڵاق .

پێشەكی : هاوسەرگیری دووەم له دوای تەڵاق بابەتێكه مشتومڕی زۆری لەبارەوه دەكرێ له نێوان باوەڕداران ، ڕابەرانی كڵێساكان جیاوازن له ڕاوبۆچونیان سەبارەت به بەشەكانی كتێب لەمبارەیەوه : بەڵام دەبێت هەموو باوەڕدارێك بڕوانێته بەڵگەكانی كتێبی پیرۆز وه دەبێت پیرانی كڵێسا حوكمی كۆتایی پێشكەش بكەن سەبارەت بەوەی دەبێت چی بكەن له كڵێسادا لەوبارەیەوه . كتێبی پیرۆز دوو بنەمامان فێردەكات لەبارەی هاوسەرگیری دووەم له دوای تەڵاق كه ئەمانەی خوارەوەن :

أ. فێركردنی ئاراستەكراو بۆ ئەو تاوانبارەی هۆكاربوه بۆ تەڵاقەكه .

مەرقۆس ١٠: ١١- ١٢ ؛ ١كۆرنسۆس ٧: ١٠- ١١ .

ئاشكرای بكەو گفتوگۆی لەبارەوه بكه : ئەو هاوسەرەی تاوانبارەو هۆكاره بۆ تەڵاقەكه دەبێت چی بكات ؟

تێبینیەكان .

زۆرێك له پەیوەندیەكانی هاوسەرگیری دا یەكێك له هاوسەرەكان هێنده تاوانبار دەبێت تەنانەت دەبێته هۆی تەڵاق و كۆتایی به پەیوەندی هاوسەرگیریان دێت . ڕەنگه هێنده سەرقاڵی كاروباری جیهان بووبن كاتیان نەمابێت بۆ بایەخدان وگرنگیدان به پەیوەندی هاوسەرگیریان و خێزانەكەیان ! . هاوسەرگیری كارێكی چاكه بەڵام ڕاسپاردە نیه (١كۆرنسۆس ٧: ١٠- ١١)! بەڵام مانەوه به ژیانی هاوسەرگیری خوداوەند

فەرمانی پێکردوەو ڕاسپاردەیە ، نەك تەنها وەك کارێکی چاک (١کۆرنسۆس ٧: ١٠- ١١) !

مەرقۆس ١٠: ١١- ١٢ " ئەوەی ژنەکەی تەڵاق بدات و یەکێکی دیکە بهێنێت، ئەوا داوێنپیسی بەرامبەری دەکات . ئەگەر ژن مێردەکەی تەڵاق بدات و مێرد بە یەکێکی دیکە بکات، ئەوا داوێنپیسی دەکات . " وە پۆڵس هۆشداری دەدات و دەڵێت داوێن پیسان نابنە میراتگری شانشینی خودا (١ کۆرنسۆس ٦: ٩- ١١) . هەندێکی تر پێیان وایە خودا میهرەبانەو لە داوێن پیسە تۆبەکارەکان خۆش دەبێ ئیدی باسی تاوانەکەی ناکرێتەوە (لۆقا ٧: ٤٧- ٥٠ ؛ ١کۆرنسۆس ٥: ٩- ١١ ؛ عیبرانیەکان ٨: ١٢) هەروەها (١کۆرنسۆس ٧: ٩) .

ب. فێرکردنی ئاراستەکراو بۆ بێتاوانەکە لە پەیوەندی تەڵاقدا .

١کۆرنسۆس ٧: ٣٩ ؛ ١کۆرنسۆس ٧: ١٥ ؛ ١کۆرنسۆس ٧: ٩ بخوێنەوە. ئاشکرای بکەو گفتوگۆی لەبارەوە بکە : بێتاوانەکە دەبێت چی بکات ؟

تێبینیەکان .

بێتاوانەکە پەیوەست نیە دوای تەڵاق بە بێ هاوسەرگیری بمێنێتەوە .

پۆڵس لەمبارەیەوە دەڵێت "ژن ئەوەندە بە مێردەوە دەبەسترێتەوە هەتا مێردەکەی زیندووە. بەڵام ئەگەر مێردەکەی مرد، ئەوا ئازادە شوو بە هەر پیاوێك بکات کە دەیەوێت، بە مەرجێك باوەڕی بە مەسیحی خاوەن شکۆ هەبێت ."

دەرئەنجام : ١کۆرنسۆس ٧: ٣٩ ؛ ١کۆرنسۆس ٧: ١٥ هەروەها بڕوانە عیبرانیەکان ٤: ٧- ٨ .

٣. ڕابەرایەتی کردن لە دوای تەڵاق .

لێڤیەکان ٢١: ٧، ١٤ ؛ ١تیمۆساوس ٣: ٢ بخوێنەوە .

ئاشکرای بکەو گفتوگۆی لەبارەوە بکە : کتێبی پیرۆز چیمان فێر دەکات لەبارەی کەسێکی تەڵاقدراو لە ناوەندی ڕابەرایەتی کردندا ؟

تێبینیەکان .

ڕابەرانی باوەڕدار لەمبارەیەوە دابەش بوونە :

أ. کاهین لەپەیمانی کۆندا .

لە ماوەی پەیمانی کۆندا ، کاهین ڕێگەی پێنەدەدرا هاوسەرگیری بکات لەگەڵ ژنێکی تەڵاقدراودا ئەگەر چی بێتاوانیش بایە .

ب. پیرەکان لە پەیمانی نوێدا .

لەماوەی پەیمانی نوێدا یەکێك لەو مەرجانەی دەبێت لە پیردا هەبێت ئەوەیە "یەك ژنی هەبێت" ١تیمۆساوس ٣: ٢ ئەم مەرجەش ئەوە ناگەیەنێ کە پیر دەبێت هاوسەرگیری کردبێت چونکە دەکرێ پیر ڕەبەن بێت بەڵام دەبێت پیری ڕەبەن نمونە بێت لە پاکیدا (١تیمۆساوس ٥: ١- ٢) . بەڵام ئەگەر پیر هاوسەرگیری کردبێت دەبێت تەنها یەك ژنی هەبێت ئەمەش واتای ئەوە نیە ئەگەر پیر ژنەکەی مرد ئیدی بۆی نیە ژن بهێنێتەوە دوبارە بەڵکو دەتوانێ دوبارە هاوسەرگیری بکات بەڵام تەنها لەگەڵ باوەڕدار (١کۆرنسۆس ٧: ٣٩) . نابێت جگە لەهاوسەرەکەی هیچ کەسێکی دیکە لە ژیانیدا هەبێت وەکو هاوڕێ و ئەویندار و خزمەتکار و تاد . چونکە ئەمانە دەیبات بەرەو گوناهەو ناپاکی و گەندەڵی سێکسی لەگەڵ ژنانی دیکە وە خودا ڕقی لە چاوباشقاڵی و مێیازی و دەستبازی و گەمە کردنە لەگەڵ ژنان و لادان و سۆزداری سێکسی یە (پەیدابوون ٣: ١- ٥ ؛ ٢کۆرنسۆس ١١: ١- ٢ ؛ ٢تیمۆساوس ٣؛ ١- ٦) .

ج. ڕابەرایەتی کردن لە دوای تەڵاق .

ئەم پرسیارە تایبەتە بەو بارەی کەسە تەڵاقدراوەکە، کە پێشتر ڕابەر بوە بۆیە زیاتر پشت بە بۆچونی کڵێساکەی دەبەستێت لەمبارەیەوە بۆ هاوسەرگیری دوەم لە دوای تەڵاق یان ڕابەرایەتی کردنی، هەندێ لە ڕابەرانی کڵێسا پێیان وایە ئەو کەسەی پێشتر تەڵاقدراوە ناتوانێ ڕابەرایەتی بکات لە کڵێسادا ، بەڵام هەندێکی تریان پێیان وایە ئەگەر ئەم لایەنە بێتاوانەکە بێت و قوربانی بێت دەکرێت ڕابەرایەتی کردنی پێ

بسپێردرێتەوە . وە هەندێکی تر پێیان وایە ئەگەر تاوانباریش بێت بەڵام سااڵنێکی زۆر تۆبەی کردوە و گۆڕاوە هەروەها دەکرێ ڕابەرایەتی پێ بسپێردرێتەوە . یاقوب ٢: ١٣ . کتێبی پیرۆز بابەتی ڕابەرایەتی کردن لە دوای تەڵاق باس ناکات بۆیە دەکرێ پیرەکانی کڵێسای ناوخۆ ئەو بەرپرسیارێتیە بگرنە ئەستۆ و بڕیاری کۆتایی لەبارەوە بدەن وە ئەندامانی کڵێساش ڕێز لە بڕیارەکە بگرن .

٥	**نوێژ** (٨ خولەك) **نوێژێك ڕەنگدانەوەی وشەکانی خودا بێت**

بە نۆرە نوێژ بکەن ، نوێژێکی کورت ئەوە دەربخات کە ئەمڕۆ فێربوون . یان کۆمەڵەکە بکە بە دوو یان سێ کۆمەڵ و نوێژێك بکەن ڕەنگدانەوەی ئەوە بێت کە ئەمڕۆ فێربوون .

٦	**ئەرکی ماڵەوە** (دوو خولەك) بۆ **وانەی داهاتوو**

ڕابەری کۆمەڵەکە . ئەرکی داهاتوو بدە بە ئەندامانی کۆمەڵەکەت بە شێوەی نوسراو ، یان داوایان لێ بکە لە پەڕاوەکانیاندا بینوسن.
١- بەڵێن . بەڵێندان بە ڕاهێنانی قوتابیەکانی خوداوەند و بونیادنانی کڵێسای مەسیح .
٢- وتاری ئامۆژگاری یان فێرکردن ، یان وانە دابەشکردن (لەگەڵ کەسێکی تر یان لەگەڵ کۆمەڵێکدا) فێرکردنی پەیوەست بە " تەڵاق و هاوسەرگیری دووەم " . هانی باوەڕداران بدە دەستپاك بن لە